له ماتریالیزم تا مارکسیزم

له فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد (تاران)

ڕەخنەی ماتریالیستی، زاراوەیەکی سەرەکی و فرەڕەهەندە کە ئاماژە بە هەرجۆر ڕەخنەیەک دەدات کە بەرهەمی ئەدەبی وەک پڕۆسەیەک دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و ڕامان، ئەم زاراوەیە بڕێ جار بۆ هێما بە(مارکسیزم)یش بەکاربراوە، چونکە زاراوەی مارکسیزم کۆمانایەک لەخۆ دەگرێتەوە کە یەکێک لەوانە بە چەمکی پڕۆسە پێناسە دەبێ، بەڵام هەر دوو زاراوەی (مارکسیزم) و (ڕەخنەی ئەدەبیی مارکسیستی) زاراوەگەلێکی فرەئاڵۆز و نارووننن، چونکە دەڤەرێکی مانایی بەرفراوانیان بۆ تەرخان بووە. (ڕەیموند ویلیامز) یەکێک لە توێژەر و پاسادارە هەرە بەناوەکانی فەلسەفەی ماتریالیزم، دوو مانای سەرەکی و درێژخایەن کە بۆ ئەم چەمکە فەلسەفییە دابین بووە، ئا بەم شێوەیە ڕاڤەی کردووە:

یەکەم: ماتریالیزم پشتی بەم گریمانە ئەستوورە کە دەڵێ تەواوی بوونەوەران (چ مردوو، چ زیندوو)، وەک مرۆڤ بە ڕەچەڵەک لە ماددە پێکهاتوون.

دووەم: ماتریالیزم کۆمەڵە بیرۆکەگەلێکە کە چالاکییە کۆمەڵایەتی و زەینی و مۆراڵییەکانی مرۆڤ لەسەر کۆڵەکە ئەستوور و سەرەکییەکەی (ماتریالیزم) خزمەت دەکا و دیارە هەر دوو مانا میژوویییەکەی ماتریالیزم بە لەونێک لەنێو چەمکی (مارکسیزم) وەشێراوە.

ڕەخنە ئەدەبییەکانی مارکسیزم سەرەڕای جۆراوجۆربوونیان، بەتایبەتمەندییەکی هاوبەش گرێدراون کە بەگشتی پشتیان بە تیورییەک ئەستوورە کە لەسەر بنەمای (ماتریالیزم) و (سەربەرزی ماددی لە بەرانبەر مەعنەوی و هەر شتێکی دی) بنیادنراوە، وشەی مەعنەوی لێرە بەواتای میتافیزیک و تیۆلۆجی شوناس



ماركس

کراوە. ماركس وای بۆ چووە کە فەلسەفە تا ئێستا تەنیا جیهانی وەسف کردووە و فەیلەسووفان کاتی خۆیان بۆ شرۆڤەکردنی جیاجیا لەمەڕ جیهان زەوت کردووە و لەمەوبەدوا دەبێ ئێمە جیهان بگۆڕین. ماركس دەڵێ ئێستا ساتە وەختێکە کە ئێمە شوێن دۆزینەوە و پەلکێشکردنی چارەسەرێک بۆ گۆڕانی ئەم جیهانە بین، بۆ درک و تێگەیشتن لە ڕوانگە و بیروڕاکانی ماركس دەبێ دوو زاراوەی سەرەکی و بنچینەیی فەلسەفەی ماتریالیزم شیتەڵ بکرێنەوە تا باشتر لەم گوتەزایە تێ بگەین: زاراوەی پێکهاتەی ژێربنەما و ڕووبنەما.

پێکهاتەی ژێربنەما، واتە هەلومەرجی ماددیی ژیانی مرۆڤ، یان لایەنە ئابووریەکەی کۆمەڵگە، یان بەواتایەکی دی، گشت ئەو مەسەلانە کە لە بەستێنی پرسە ئابووریەکانی کۆمەڵگەدا دەور دەبینێت، گشت لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ بەتەواوەتی لە خانەی ڕووبنەما پۆلێن دەکرێن، ڕەهەندگەلێک چەشنی هونەر، فەلسەفە، ئەدەب، ئایدیۆلۆجی، دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، سیستمە پەروەردەیی و یاسایی، تەنانەت بیروبڕوا ئایینییەکان، ماركس لەو بڕوایەدابوو کە گۆڕانی جیهان نەک لەلایەن ئەم ڕووبنەمایانە، بەڵکو تەنیا بە گۆڕانکاری لە بارودۆخی ماددیی ئابووری مرۆڤ چارەسەر دەکرێت، واتە لایەنی (پێکهاتەی ژێربنەما).

پێوەندی نێوان پێکهاتەی بناغەیی، یان ژێربنەما و ڕووبنەما، پێوەندییەکە کە بیریارە ماركسیستەکان لەمەڕ چۆنیەتی ئەم چەمکە ئاڵۆز و فرەڕەهەندە دژبەری و ناکۆکییان تێدا ڕەخسا. تاقمێکی زۆر لەم بیرمەندانە ئەم پێوەندییە بە پێوەندییەکی تاک لایەن و زۆرەملانەیان ناودێر کردووە، واتە پێکهاتەی بناغەیی (ژێربنەما) بەشێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕووبنەما دەبێت و کارتێکەریی خۆی دەقەبڵێنێت و بوونی ڕووبنەما لەم ئاستەدایە کە بیچم دەگرێت، بیرۆکەی ئەم تاقمە بیرمەندە بە مارکسیزمی دابونەرێتی، یان مارکسیزمی جەماوەری و عەوامانە ناوی لێ براوە، چونکە ئەم بیریارانە لەو باوەڕەدان کە ڕووبنەما چۆنیەتی و ماهیەتی سەربەخۆی لێ نەکەوتووەتە گەڕ و تەنیا دەنگدانەوەی هەلومەرجی ماددیی مرۆڤە، کەواتە بیرۆکەی ئەوان بە مارکسیزمی زایەڵەیی، یان (دەنگدانەوەیی) ناو براوە، لەهەمبەر ئەم کەسانەدا، گرووپێکی دیکە لە مارکسیزمەکان لەو بیروباوەڕەن کە (ماركس) و (ئەنگڵز) بیرۆکە و میتودی خۆیان لەمەڕ چۆنیەتی ئەم پێوەندییە ساغ کردووەتەوە و بەم ئامانجە گەیشتوون کە لایەنە بیچم گرتووەکانی ڕووبنەما بە چۆنیەتییەکی سەربەخۆ گرێ دراون و هەرە سفتوسۆڵ بوون، هەر کام لەم لایەنگەلە، تێکڕا، هەم لەسەر لایەنەکانی دیکە و هەم لەسەر پێکهاتەی بناغەیی کارتێکەر و مسۆگەرن، جیاوازی نێوان ئەم دوو مارکسیزمە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دوو میتود و بیرۆکەی ئەدەبی جیاجیا لەجیهان، شۆڕشی کۆمۆنیستیی ڕووسیا لە ساڵی ۱۹۱۷، مارکسیزمی شێوەی یەکەم، واتە هەر (دابونەریتی، دەنگدانەوەیی) لەسەر کۆڵەکەی بیرۆکەیەک بیچمی گرتووە کە بەشێوازی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی ڕووس ناسراوە و ئەم شێوازە لە واقیعدا شوێنکەوتووی ڕیالیزمی سەدەی نۆزدەم لە ڕۆژئاوایە. هزرڤانانی ئەم شێواز و میتودە، لەو بڕوایەدان کە ئەدەب دەبێ وەک ئاوێنەیەک بارودۆخی ڕاستەکی و حەقیقی کۆمەڵگا نیشان بدات، سەرەڕای ئەوە دەبێ ڕوانگەیەک لەسەر کۆڵەکەی پێشڕەوت لەزەمەنی ئێستاوە بەرەو داهاتوو بڕەخسێنێ، ئەم ئەدەبە دەبێ بۆ گشت جەماوەر، بگرە لە عەوامەوە تا ڕۆشنبیران، کارا بێت و درک بکرێ و لەبەر دەستی هەموان بێت، چونکە ئامانجی ئەدەب، مەعریفە و ژیانەوەی یەکێتی لەنێوان کار و کردەوە و چینی کرێکارە، واتە پڕۆلیتاریا، ئەم جۆرە ئەدەبەش بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە و خۆڕسک، ئەدەبێکی

دەروەست، ڕیالیستی، دژ بە فۆرمالیست و دژ بە ڕوانگەی مۆدێرنیستەکانە، دژ بەفۆرمالیست بەو هۆکارە کە پێداگری سەرەکی ئەم قوتابخانە لەسەر نێواخنە، نەک فۆرم و و شێواز، ڕیالیزمیش بەو هۆکارە کە ناوەڕۆکی ئەم شێوازە بارودۆخی ڕاستەکی و حەقیقی کۆمەڵگە نیشان دەدات و بەرجەستەی دەکاتەوە و لەو لایشەوە بەتەواوەتی دژ بە مۆدێرنیزمە، لەبەر ئەوەی کە ڕیالیزمی سۆشیالیستی ڕووسیا، تاک لەنێوان پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەدا نیشان دەدات و لەم تاکە وێنەیەکی پاڵەوانانە وەدی دێنێت، لەحاڵێکدا ئەدەبی مۆدێرن، زۆر ڕاشکاوانە وێنایەکی پچڕپچڕ کراو و ئاڵۆز لە کۆمەڵگە دەڕەخسێنێ کە لەوێدا تاکی مرۆیی، بوونەوەرێکی تەنیا، سەرلێشێواو و پەشۆکاوە و چ ئامانجێکی دیاریکراوی بۆ ڕەچاو نەبووە و لە تاکێتی خۆیدا نغرۆ ماوەتەوە.

جۆرج لۆکاش یەکێک لە هزرڤانە هەرە ناوازەکانی قوتابخانەی ڕیالیزمی کۆمەڵگەیی بوو کە سەرەڕای هۆگرایەتییەکی سفتوسۆڵ و نەپچڕاو بەمارکسیزمی زایەڵەیی، لەولایشەوە بیرۆکەی جەبری بوون نێوان پێکهاتەی ژێربنەمایی و ڕووبنەمایی ڕەت کردووەتەوە و جۆرە ڕیالیزمێکی بنیادناوە کە بە ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە ناونراوە. ئەم بیرمەندە بەم بیرۆکەیە پشتی ئەستوورە کە ئەدەب نابێ تەنیا دەست بداتە سازدان و ڕەخساندنی چەندپاتی ئایدیۆلۆجیگەلی دەسەڵاتدار بەسەر کۆمەڵگەدا، بەڵکو دەبێت بە جۆرێکی دیکەش ئەم ئایدیۆلۆجیانە بخاتە بەر شاڵاوی ڕەخنە و ڕاژەکارییەوە، شێوازی ڕیالیستی کە تا چاخی (لۆکاش) لە ناوەندی پێزانین و ڕامانی تاقمێکی زۆر لە ڕەخنەگرانی مارکسیزمدا یەکانگیر بووبوو، بەسەرهەڵدانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە یەکجاری لابردرا و لەبیرچوو، دەکرێ بڵێین بەتەواوەتی هەرەسی هێنا و ئیدی گرینگایەتییە سەرەتاییەکەی خۆی لەدەست دا.

(تیۆدۆر ئادۆرنۆ) ڕوانڕۆ و بیردارێژە گەورەکەی ئەم قوتابخانەیە، لەو باوەڕەدابوو کە هونەر دەبێ بە تەواوەتی لە واقیع جیابێتەوە و هەر ئەم مەودا و جودابیەیە کە دەسەڵاتێکی وەها و بە گوڕ و تینی بە هونەر بەخشیوە کە بتوانێ کەتوار و واقیع لێک بداتەوە و بیخاتەبەر شاڵاوی ڕەخنەوە، هونەر وەک فیلمێکی پێچەوانە لە جیهانی واقیعی ئێمەیە و تەنیا لەهونەری ئەزموونگەرا و ئاڵۆزی مۆدێرن سەرهەڵدەدات و بەتەواوەتی بیچم دەگرێت، ئەم خاوەن ڕایە ماهیەتێکی خاوەن دەسەڵات و سەربەخۆی بۆ ئەدەب دابین کردووە کە سەرەڕای تەئسیر وەرگرتن لە پێکهاتەی بناغەیی، دەتوانێ هەر بەو شێوەیە لەسەر ئەم پێکهاتە، کارتێکەری خۆی بسەلمێنێ.

لەدەیەی ١٩٦٠ـەوە، بە دزەکردنی بیرۆکەی پێکهاتەخوازەکان، کتومت مارکسیزمێک سەری هەڵدا کە بەمارکسیزمی پێکهاتەیی ناودێرکرابوو، لۆسیان گۆڵدمەن، بیرۆکەوانی هەرە ناوازەی مارکسیزمی پێکهاتەیی، زۆر ڕاشکاوانە وتی دەقگەلی ئەدەبی لە داهێنانێکی تاکییەوە نەزاوە، بەڵکو لەپێکهاتە زەینییەکانی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی گرووپێکی تایبەتەوە وەدی هاتووە. (لویس ئاڵتوسێر)، کارتێکەرترین و ناوازەترین بیرۆکەوانی مارکسیزمی پێکهاتەیی، ڕۆنراوی دەستەواژەیەکی کارا بوو کە بە (پێکهاتەی کۆمەڵگەیی) ناودێربوو، لەپێکهاتەی کۆمەڵگەیی، لایەن و بەشەکان، یان لایەنگەلی جۆراوجۆری ڕووبنەما لە سەربەخۆییەکی کەمتاکورت بەهرەمەندن و لە ناخی خۆیاندا پێوەندیگەلێکی ئاڵۆزیان پێکەوە سازاندووە کە پێوەندی ئەوان لەگەڵ پێکهاتەی بناغەیی (لایەنە ئابووریەکان) لەخانەی پێوەندییەکی دەسەڵاتدارانە دەرباز دەکات و (ئاڵتوسێر) هەر ئەم میتودەی خستووەتە نێو خانەی بیرۆکەی ئەدەبییەوە و لەنێو ئەم گوتەزایەش پێناسەی کردووە و مارکسیزمی عەوامانە کە پشتی بەم بیرۆکە کۆنە ئەستوور بوو کە ئەدەبی تەواوکەر و بێ سنوور لەژێر پەنجەی دەسەڵاتدارەکەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان وەدی دێ و بیچم دەگرێت، ڕەت کردەوە و بۆ ئەدەب ئەرکێکی سەربەخۆیانەی دابین کرد و لەسەر ئەم بیروباوەڕە سووربوو کە ئەدەب لەژێر وزە و هێزی هەرە ئاڵۆز لە هۆکارگەلێکی فرە جۆراوجۆر بیچم دەگرێ، ئەوجا سەقامگیر دەبێ.

بەسەرهەڵدانی بیرۆکەی پۆست مۆدێرن، وەک بیرۆکەی پاش پێکهاتەخوازی، دەروونناسیی جاک لاکانی، سیمیۆلۆژیا و فێمینیزم، مارکسیزمی پێکهاتەخوازی بەرەو مارکسیزمی پاش پێکهاتەخوازی، یان (پاش ئاڵتوسێری) هەنگاوی نا و تووشی ئاڵۆگۆڕییەکی بەرفراوان بوو. واتە ڕەخنەی نوێ، قوتابخانەیەکی

گشتگیری لێ بووەتەوە کە مارکسیزم لەویادا تەنیا بەشێکی فرە بچووک لە پاڵ بەشەکانی دیکەدا بوو و بەتاقی تەنیا ڕاڤە نەدەکرا. هەر لەبەر ئەم هۆکارە بوو کە تاقمێک لەهزرڤانە هاوچەرخە مارکسیستەکانی ئاڵتوسێری وەک (تێری ئیگڵتۆن) و (فرێدریخ جیمسۆن) لەژێر کارتێکەری و کاریگەری ئەندێشە نوێباوەکان، لە بەشی تیوریيەکانی خۆیان دەستیاندایە گۆڕانکاری.

(ئیگڵتۆن) بە گەڕانەوە بۆ مارکسیزمی کلاسیک، ڕەخنە سەرەکییەکەی (مارکس)ی جارێکی دی بە فەلسەفە خستە گۆڕێ کە ڕاشکاوانە وتبووی: فەیلەسووفان تا ئێستا تەنیا جیهانیان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر شرۆڤە کردووە، بەڵام خاڵی سەرەکی و گرینگ لەواقیعدا گۆڕانی جیهانە کە دەبێ لەسەری یەکانگیر بین (ئیگڵتۆن لە سەرجەمی ئەم بیرۆکە و میتودە باوەی پێکهاتەی هەڵوەشاندنەوە بەم بەرهاتە گەیشت کە تەنیا ڕێگە بۆ گۆڕینی جیهان، گۆڕینی ڕوانگە باوەکان بۆ دیدگا و هەڵوێستێکی پێکهاتە هەڵوەشاندنەوەیە کە بە کەڵک وەرگرتن لەهەموو بیروباوەڕە ئاساییەکان و زۆربەی چەشنە نەگۆڕ و پایەدارەکانی مەعریفە بەشێنەیی لەناو دەچن، ئەرکی ڕەخنەگری ئەدەبی، لەم سەردەمە ئاڵۆزدا ئەمەیە کە ئەم جۆرە بیروباوەڕە کە لەناخی کەسێتی زەینی خوێنەردا بیچمی گرتووە و بە تەواوەتی یەکانگیربووە، بدۆزێتەوە و بیخاتە نێو خانەی پێکهاتەی هەڵوەشاندنەوە و بەم چەشنە بە کردەیەکی چڕوپڕەوە لە بیچمگرتنی زەینییەتی خوێنەر و بەردەنگەکانی ئەدەب، کارتێکەر بێت و بەم لەونە ئەرکی ڕەخنەکار، بەتەواوەتی ئەرکێکی سیاسییە، نەک ئەرکێکی فیکری و فەلسەفی.

تیوری (فرێدریخ جیمسۆن) کە فەیلەسووفێکی (مارکسیست هیگڵ)ییە، لە هەوەڵین و نوهێنەرانەترین جەختە هەرە مەزنەکان دێتەژمار کە لە گۆڕەپانی بەرینی ئاوێتەکاری مارکسیزم و پۆستمۆدێرنیزم وەدی هاتووە. جیمسۆن پشتی بەم وتەیە ئەستوورە کە دەڵێ فەلسەفەی پۆستمۆدێرن، چەشنێک لە چەشنە خۆڕسک و سرووشتییەکەی سەرمایەداری نوێیە، لێ بیر و بڕوای پۆستمودێرنیتی لە واقیعدا جۆرە بیروباوەڕێکی تایبەتە کە لە کولتووری ئیمڕۆیی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان ڕیشە و ڕەگەزی داچەقاندووە و بە تەواوەتی مسۆگەر بووە، ئەم چەشنە فەلسەفەیە تا ئێستا تین و هێزەکەی نەکەوتووەتە گەڕ تا بتوانێت بەتاقی تەنیا ئەو کۆمەڵگەیە کە لە ناخی خۆیدا بەرز بووەتەوە، بخاتە بەر شاڵاوی ڕاڤە و ڕەخنەکاریەوە، هەروەتر جیمسۆن وای بۆچووە کە بۆ کۆمەڵگە و هونەری ئاڵۆزاوی و پێچەڵاوپووچی ئیمڕۆیی، ئێمە نیازمان بە ڕەخنەیەکە کە لە ئاوێتەکاری مارکسیزم لەگەڵ پۆستمۆدێرنیزم وەدی هاتبێت، نەک تەنیا لە یەکێک لەم دووانە.

ژێدەر:

(فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی)، د. بەهرام میقدادی، دەزگای فکر روز، چاپی یەکەم، تاران: ۱۹۹۹.